زنجیرەی منداڵی سەردەم




هەستەکانی تۆ

# من ترسنۆکم

نووسینی: برایان موزس

نیگاری: مایک گۆردن



بۆ فارسی: قاسم کەریمی     لە فارسییەوە: ئازاد بەرزنجی



# من ترسنۆکم


نووسینی: برایان موزس

نیگاری: مایک گۆردن

بۆ فارسی: قاسم کەریمی

لە فارسییەوە: ئازاد بەرزنجی

کاتێک دەترسم...
وەکو جەلییەکم لێ دێت،
کە لەناو قاپێکدا دەلەرێتەوە.



وەکو مشکێکم لێ دێت کە
پشیلەیەکی زل و زەبەلاح بەرەو ڕووی دێت.



وەکو کچێکی بچکۆلەم لێ دێت
کە لە پڕێکدا جاڵجاڵۆکەیەک دێتە بەرچاوی.



کاتێک لە شتێک دەترسم...



دەست بە چاومەوە دەگرم.

خۆم لە ژێر پەتۆکەمدا دەشارمەوە.




خۆم لە پشتی باوکمەوە دەشارمەوە.






له زۆر شت دەترسم.
کاتێک بەتەنیا بە پێپلیکانەکاندا سەردەکەوم، دەترسم.

بەڵام بەخۆم دەڵێم:
« لەچی دەترسیت؟
کەس لەوێ نییە.»



کاتێک بیر لەوە دەکەمەوە کە لە ژێر سیسەمەکەمدا
چەند جاڵجاڵۆکەیەک هەن، دەترسم.





بەڵام جاڵجاڵۆکەکە لە من زیاتر دەترسێت.



من زۆر حەزم لە چاوشارکێیە .



لە کاتی یاریکردندا، کاتێک باوکم لە پێش منەوە بازدەدات، زۆر دەترسم، بەڵام دیسانەوە حەز بە یاری دەکەمەوە.






یەکەم ڕۆژی چوونە قوتابخانە زۆر دەترسم...



کەچی ئەو ڕۆژە ئەمەندە خۆشم بەسەربرد
کە دوایی حەزم نەدەکرد بچمەوە بۆ ماڵەوە.



یەکەمین شەو کە حەزم کرد لە ماڵی دایەگەورە بخەوم
لە ترسا خەوم لێ نەکەوت، بەڵام دوایی دایەگەورە هات و لەسەر سیسەمەکە
لەلامەوە دانیشت و دواتر چیرۆکی بۆ خوێندمەوە تا خەوم لێکەوت.




برا گەورەکەم دەیوت پزیشکی دان ترسناکە، منیش حەزم نەدەکرد بچم بۆ لای پزیشکی دان، بەڵام کاتێک چووم بۆ لای پزیشکی دان، سەیرمکرد ترسناک نییە. ژنەپزیشکەکە پێیوتم: «ماشەڵا دانت چەند جوانە!»



هەندێک جار کە بەرنامە ترسناکەکانی تەلەفزیۆن دەبینم،
دەترسم، بەڵام دەزانم ئەوە فیلمە و ڕاستی نییە.





کاتێک هەست بە ترس دەکەم،



دەستدەکەم بە گۆرانیوتن،
یان فیکە لێ دەدەم.



هەندێک جاریش بە خۆم دەڵێم:
«پێویست بە ترس ناکات.»



یان دەڵێم من پاڵەوانێکی گەورەم و لە هیچ شتێک ناترسم.

یان لەگەڵ بووکەشووشەکەمدا قسەدەکەم.



یان لە دڵی خۆمدا دەڵێم
گەورەکانیش لەوانەیە هەندێک جار بترسن.





باوکم لە شەمەندەفەری کارەبایی دەترسێت.
ڕۆژێکیان، کە چووبووین بۆ شاری یاری، وتی:
«من لە شەمەندەفەرە کارەباییەکە تۆقیم!»



دایکم دەڵێت لە فڕۆکە دەترسێت.
ئەو حەزدەکات هەمیشە قاچی لەسەر زەوی بێت.


ئەگەر ڕۆژێک کەسێک
ویستی بتترسێنێت...





دەبێت ئازابیت.




تۆ کە دەترسیت،
چی دەکەیت؟














**لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**

لەسەر ئەرکی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان چاپکراوە